دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک لەسەر هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و خۆنمایش کردنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک لەسەر هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و خۆنمایش کردنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە (14ــی کانونی یەکەمی 2023) لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "لەدرێژەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوەی قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و بڵاو کردنەوی وێنەو گرتەڤیدیۆی کاتی تەقەکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری لەکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر تۆمەتبار (م، ح ، ع) کە کاری ڤاینەری دەکات لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هێزەکانمانەوە دەستگیرکرا، بەتۆمەتی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و خۆنمایشکردن بەچەک و بڵاو کردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە کارێکی قەدەغەیه، بۆیە دوپاتی دەکەینەوە هەرکەسێک چەکی بێ مۆڵەتی لابێت یان گرتەڤیدیۆیی چەک و کاتی تەقەکردنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکاتەوە بە بڕیاری دادگا لەلایەن هێزەکانمانەوە دەستگیر دەکرێت".

بەپێی زانیاریەکانی ئاژانسی موتەڵڵع، ئەو کەسەی دەستگیرا ڤاینەرێکی بەناوبانگی هەولێرە و ناسراوە بە «حەمە جەرگە»، کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی تەقەکردن لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا.